# ئایدیۆلۆژیا لە نێوان زانست و تەریقەتدا

هیوا عبدالله

هۆکارێك لەو هۆکارە سەرەکیانەی چەقبەستبوونەکانی چەند بەشێکی ئەو جیهانە پان و بەرینە شێوازی مامەڵەکردنە لەگەڵ ئایدیۆلۆژیا، کە گەلێك جار لە شێوازی باوەڕی نەگۆڕ، پیرۆزی و بڤە مامەڵەی لەگەڵ دەوروبەراندا کردوە.

ئایدیۆلۆژیا ئەگەر بە مانا تەسکەکەی زانستی بیر و زانستی باوەڕ هێنان بێ واتا، بریتییێ لە شێوازی بیرکردنەوەو، تێڕوانین لە کێشەکان و چۆنیەتی چارەسەرکردنیان، ئەوا لە ڕۆژگاری ئەمرۆماندا بەتایبەتی لە هەندێك ناوچەی جیهاندا جگە لە تەریقەت و پیرۆزکردنی دەستەڵات و کەسایەتی و هەندێك دەزگای وەك حیزب و ڕێکخراو هیچ مەودایەکی دیکەی بۆ زانست نەهێشتۆتەوە.

ئایدۆلۆژیاو ناسنامەی ئایدیۆلۆژی ئەگەر چی لە هەندێك کات و شوێندا خۆی لەژێر دەمامکی زانست شاردۆتەوە، یاخود لە هەندێك کات و شوێندا، فۆرمێکی زانستی بەخۆیەوە بینیوە، لە ڕاستیدا مێژوویەکی دورودرێژی هەیە، کە لەو مێژووەدا زانست وجودی نەبووە، ئایدیۆلۆژیا وەك دەزگا لەگەڵ سەرەتاکانی سەرهەڵدانی شارستانیەت پەیدا دەبێت و دێتەکایەوە، لەوکاتەدا پەرستگاکان شوێنی دەزگای ئایدیۆلۆژی دەگرنەوە گەورەترین باوەڕیش ئەوکاتە باوەڕی خوداوەندیە. پاشان باوەڕی تاکخودایی، سەرەتاکانی فەلسەفە بەتایبەتی لە گریك و ڕۆما تا دەگاتە سەردەمی ڕێنێسانس و مۆدێرنە کە ناسنامەی ئایدیۆلۆژیای سەرمایەدارین سەرچاوەکەیان لە سەرەتای دروستبوونی شارستانیەتەکان و مێتۆلۆژیاوە دێ. پێش سەردەمی ڕێنێسانس کلێسا و مزگەوت و تەکیە و هەموو شوێنەوارە ئایینیەکان ڕۆڵێکی بەهێز و سەرەکی لە پاراستن و پێگەیاندنی ئایدیۆلۆژیادا دەبینن، ئەو کەسانەی کە ئەو ڕۆڵە دەگرنە ئەستۆ پێیان دەگوترێ ڕاهیب، بەڵام لەسەردەمی ڕێنێسانسدا فێرگە، قوتابخانە، ئەکادێمیا و زانکۆکان ئەو ڕۆڵە لە شوێنەوار و دەزگا ئایینیەکان دەستێننەوە و فۆڕم و شێوازێکی دیکە بە پێشکەوتنی ناسنامەی ئایدیۆلۆژی دەدەن، ئەوەش بە زانستبوونی ئایدیۆلۆژیایە، بەڵام لە کۆتایی سەدەی 19 و سەرەتای سەدەبی 20 میندا پێشکەوتنە سیاسی و ئابوری و تەکنۆلۆژیەکان هەڵومەرجی پێشکەوتنێکی یەکجار زۆری زانستیان لەگەڵ خۆیاندا هێنا، کە ڕۆژبەڕۆژ گومانی دەخستە سەر موتڵەقیەتی ئایدیۆلۆژیا و سەدان نیشانەی پرسیاری لەسەر باوەڕیە جۆراوجۆرەکاندا بەجێ دەهێشت. بۆیە سەدەی بیستەم مەودا و ڕۆڵی ئایدیۆلۆژیای لە جاران کەمتر کردەوە. لە ساڵی حەفتاکاندا سۆسیالیزمی بنیادنراو هەوڵێکی بێ پایانی لە پێناوی زیندوکردنەوەی ئایدیۆلۆژیا دا، ئەو هەوڵەش زیاتر لەژێرناوی ئایدیۆلۆژیای ڕاست و ئایدیۆلۆژیای چەوت، ئایدیۆلۆژیای پێشکەوتوخواز و ئایدیۆلۆژیای کۆنەپەرستی، ئایدیۆلۆژیای زانستی و نازانستی بەڕێوەدەچوو، سیستەمی دووجەمسەری جیهان و ناکۆکی و ململانێکانی نێوان جیهانی سۆسیالیست و کەپیتالیستیش ئەو زەمینەییەی خۆشتر دەکرد، بەڵام پێشکەوتنی زانست و تەکنۆلۆژیا لە ڕۆژئاوا و هەوڵی سەدان فەیلەسوف و زانای بەناوودەنگ ئەو بانگەشەیەیان پوچەڵ کردەوە، لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی بلوکی سۆسیالیستی و جیابونەوەی وڵاتانی یەکێتی سۆڤیەتدا شکستی ئەو ئایدیۆلۆژیایە بەئاشکرا بەدەرکەوت کە لە مرۆڤێکی ڕووت دەچوو هەموو شوێنێکی بەدەرەوەبوو.

لەلایەکی دیکەوە دوای شکاندنی فاشیزم لە جەنگی جیهانی دووەمیندا، تیۆری ماڵئاوایی کردن لە ئایدیۆلۆژیا لە ئەوروپاو ئەمریکای سەرو سەری هەڵدا، جگە لە کۆمۆنیزم هیچ ئایدیۆلۆژیایەکی دیکە بەزەقی نەدەبینرا، ئەو زاناو فەیلەسوفانەی هەوڵیان ئەدا ئایدیۆلۆژیا لەگۆڕ بنێن پێیان وابوو، پێشکەوتنی ئابووری و نەهێشتنی هەژاری و بێکاری، ناکۆکی لەنێوان چینەکانی کۆمەڵگەدا کەم دەکاتەوە، هەروەها پێیان وابوو، هەڵبژاردنی دیموکراتیانەو ئازادانە ڕێگا لەبەردەم داماڵینی ئایدیۆلۆژی خۆش دەکات و زلهێزەکانی جیهانیش لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەوە تاوەکو ئێستا پێیان وایە باوی ئایدیۆلۆژیا نەماوە لەبەر ئەوەی هەموو هێزەکان یەك دوژمنیان هەیە ئەویش تێرۆرە و پێیان وایە نابێ ئایدیۆلۆژی یەکنەگری دەسەڵات لەئارادا بمێنێ کە هەڕەشەیەکە بۆ سەر جیهان و دەرگا لەبەردەم شەڕێکیماڵوێرانکەرانە ئاوەڵا دەکات.

هەروەها تیۆریستانی دژبەئایدیۆلۆژیا پێیان وایە ئێستاکە تەکنۆلۆژیا زانستنی دیمۆکراتیزە کردووە، هەموو دیوارەکانی نێوان زانستەکان هەڵگیراون ئەوەش ڕێگا لەبەردەم نەمانی ناکۆکی ئایدیۆلۆژی خۆشتر دەکات و زانایان لە یەکتری نزیك دەکاتەوە.

ئەگەرچی هەتاوەکو ئێستاکە مردنی یەکجارەکی ئایدیۆلۆژیا نەسەلمێنراوە، بەڵام لە دوای ساڵانی 1990 بەدواوە سەرەتا لە ئەوروپاو پاشان شوێنەکانی دیکە ناکۆکی ئایدیۆلۆژیی کەم بوە، ئەمەش لە شێوازی هاوپەیمانی و ڕێککەوتنی چەند پارتێکی سیاسی بیروڕا جیاواز بۆ پەرلەمان و خۆسازاندنی هەڵگرانی ئایدیۆلۆژیا جیاوازەکان لە پەرلەمانێکدا و چەندین شێوازی دیکەی سیاسەت خۆی نیشاندا، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشماندا لایەنگرانی ئەو تیۆرەی کە دەڵێ: "ئیتر لەمەودوا سیاسەت پیشەیەکی ورد و هونەرێکی ئەندازیارانەیە کێش و پێوانەی وردی دەوێ، ناکرێ بەتەنیا لەسەر بنەمای بیروڕای نەریتی ئەنجام دەدرێ" ڕۆژبەڕۆژ زیاتر دەبن. هەموو سەردەم و شارستانیەکانی کۆن، ناوەڕاست و هاوچەرخ بەشەڕی ئایدیۆلۆژی بەهێز تێپەڕیون و ئەنجانی شەڕی ناسنامە ئایدۆلۆژیەکان بونەتە هۆی ئافراندنی شارستانیەکی نوێتر. لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا کە تاوەکو ئێستاش بۆتە قوربانی شەڕی دڕندانەی ئایدیۆلۆژی سێ ناسنامە ڕۆڵی خۆیان بینیوە کە "1" ناسنامەی ئایدیۆلۆژی ئایینی ئیسلام، "2" ناسنامەی ناسیۆنالیزم و نەتەوەپەرستی لەگەڵ "3" ناسنامەی چەپ و کۆمۆنیزم بوون، ئەگەرچی ڕۆڵی ئایدیۆلۆژیای کۆمۆنیزم لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەت نەما، بەڵام ناسنامەی  ئایدیۆلۆژی ناسیۆنالیزم و ئیسلامی سیاسی ئەوڕۆ ڕۆڵی گرێکوێرەیەکی گەورە لە بەردەم پێشکەوتنە کۆمەڵایەتی، ئابوری، سیاسی و ژیانیەکانی ناوچەکە دەبینن، جینۆسایدکردنی گەلانی ناوچەکە وەك کورد و ئەرمەنی و ئەوانی دیکە، شەڕی عەرەب – ئیسرائیل، شەڕی عێراق - ئێران، عێراق - کوێت و عێراق - ئەمریکا ئەنجامی ئەو شەڕە ئایدیۆلۆژیە دڕندانەن کە مێژووی سەدەی بیستەم بەخۆیەوە بینی، تەنانەت پروشکەکانی ئەو شەڕە کە هەریەك بەقەد بۆمبێك بەکاریگەرە، ئەمڕۆ لە عێراق وەك ڤۆلکانێك دەتەقێتەوەو ڕۆژ بەڕۆژ چارەنوسی ئەو ناوچەیە بەرەو مەترسیەکی گەورە و نادیار دەبا.

کوردستانی داگیرکراوو پارچەپارچە کراویش کە لە چەقی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا جێ دەگرێت و ڕۆڵی پردی لەنێوان شەڕە ئایدیۆلۆژیەکاندا پێ بەخشراوە تاوەکو ئێستاش بۆتە قوربانی ئەو یەکە، بۆ نمونە کەس بەقەد گەلی کورد نەبۆتە قوربانی ئایدیۆلۆژیای کۆمۆنیزم و ئیسلام کە هەردوو ناسنامەی ئایدیۆلۆژی گەلێك جار ڕۆڵی ئەو وڵاتانەی کە بەشێك لە جوگرافیای کوردستانیان داگیرکردووە بۆ ئەوروپا و وڵاتە زلهێزەکان گەورە کردوە، شۆڕش و ڕاپەرین و سەرهەڵدانە کوردیەکان و بەتایبەتیش ئەو تراژیدیایەنەی کە لە سەدەی بیستەم

گەلی کورد بەخۆیەوە بینی نەبۆتە جێگای بایەخی هێزە باڵادەستەکانی جیهان بەپێچەوانە دابەشکردنی جوگرافیای کوردستان و گەلی کورد بەسەر چوار وڵاتی سەرەکی، جینۆساید، ئەنفال و هەڵەبجە بۆتە قوربانی بەرژەوەندی وڵاتانی باڵادەستی جیهان لە پێناو ڕاگرتنی ئەو هاوسەنگیە سیاسی و ستراتیژیانەی کە لە ڕاستیدا بەهۆی هەبوونی ئایدیۆلۆژیای ئیسلام و کۆمۆنیزم سازکرابوون. دابەشبوونی بزوتنەوەی سیاسی کوردیش بەسەر چەند ئایدیۆلۆژیایەك لەوانە ئیسلام و کۆمۆنیزم یان چەپ گەلێك جار زیانی بە گەلی کورد گەیاندووە، ئێستاکەش گروپە ئیسلامیە توندڕەوەکانی وەك ئەنسار و حیزب الله و چەندین گروپی دیکەی ئیسلامی گەورەترین مەترسین لەبەردەم هەر قەوارەیەکی کوردی جا لەکوێ دەبێ با ببێ، ئێستاکەش چەند کەس و گروپێکی چەپی توندڕەو ئەگەرچی بێکاریگەریش بن، هەبوونی قەوارەیەکی کوردی بە کۆنەپەرستی لێکدەدەنەوە، ئێستاکەش لە ناو حیزبە کوردستانیەکاندا گەلێك جار ئایدیۆلۆژیا دەبێتە ڕێگر لەبەردەم ڕێککەوتن و سازش، ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئاراستەی قەڵەمەکان دیاری دەکا، ڕەخنە بە کوفر و بێ ئەخلاقی لەقەڵەم دەدا، مافی تاکەکان ناناسێ، هەموو ڕەنجو ماندوبوون و دڵسۆزی تاکێك لەچاوتروکانێکدا دەخاتە زبڵدان و فاتیحەیەکیشی لەسەر ناخوێنێ. ئەگەرچی لە سەدەی بیستویەکەمدا دەژین، زانست و زانیاری ڕۆژبەڕۆژ نوێ دەبێتەوەو، ئەوەی دوێنێ ڕاست بوو ئەمڕۆ ڕاست نیەو ئەوەی دوێنێ دەمانپاراست ئەورۆ لە دژین و ئەوەی دوێنێ سودبەخش بوو ئەورۆ زیانبەخشە، بەڵام ئایدیۆلۆژیا لەناو حیزبەکاندا خۆی لە شێوازی خوتبەی کۆن و ئاژیتاسیۆن و دروشمبازی ڕزگارنەکردووە. ئەو حیزب و ڕێکخراوانەی کە بەو شێوەیە ئاراستەیەك لە شێوەی تەریقەت دەگرنە بەر گەلێك جار لەناوخۆشیاندا کۆمەڵێك کێشە و سەرئێشە بۆخۆیان ساز دەکەن، بۆ نمونە ئەو ڕێکخستنانەی کە بەو شێوەیە حیزب دەکەن بە تەریقەت و سەرکردەکانیان بە پێغەمبەر یان خودا، پێویستیان بە کەسانی دەرویش و دروشمباز دەبێت، بۆیە چۆن ئەورۆ لەژێر ناوی خواو الله الاکبر ڕۆژانە هەزاران درۆو سەختەکاری و جینایەتی جۆربەجۆر دەکرێ، لەناو حیزبیشدا بەهەمان شێوە. کەسێك ئەمڕۆ بیهەوێ خۆی لەناو حیزبدا بشارێتەوە زۆر ئاسانە بە دروشمی بژی فلان و بمری فلان ئامانجەکانی بپێکێنێ، لەکاتی تەنگانەشدا پەنا بۆ شەهیدو ڕابردو دەبا، خوێنی شەهیدان و ڕابردو دەکاتە سەرمایەو کوتەکێك بۆ دەمکوتکردنی ئەوانی بەرانبەری، کەچی ئەو کەسە لەهەر کەسێك زیاتر باوەڕی بەو دروشمانە نیە، ئەگەر کەسێکیش ئەو دروشمانە نەڵێتەوە و بەشێوەیەکی حەماسیانە خۆی نیشان نەدا، گەلێك جار نابێتە جێگای متمانەی سەرانی حیزب، ئەوەش کارەسات لەگەڵ خۆیدا دێنێ، هەر باوەڕی نەریتەکیشە کە لەناو حیزبی ئایدیۆلۆژیدا ڕێگا لەبەردەم کوتلەو کوتلەکاری دەکاتەوە و لە ئەنجامدا گروپێك لە پێناوی بەرژەوەندی و دەستەڵاتدا گروپێکی دیکە بەدەر دەنێ، بۆیە ئەتوانین بڵێین ئایدیۆلۆژی گەورەترین ئامرازە لە دەستی یاریزانانی دەستەڵات.

باوەڕی نەریتەکی کە ئێستاکەش لە کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوین پێوانەیەکە بۆ سیاسەتمەداران، گەورەترین شێرپەنجە لە ڕۆحی بزوتنەوە سیاسیەکان ساز دەکات، ئەو بزوتنەوانەش ئەگەرچی جاروبار لەکاتی قەیراندا باس لە گۆڕانکاری و وەرچەرخان دەکەن، بەڵام لە ڕاستیدا بەشێوەیەکی گەوهەری نزیك نابنەوە، بەڵکو ئەوان خۆیان فریو دەدەن و هەوڵ دەدەن دەوروبەرانیان فریو بخۆن، چونکە حیزبێك کە نەریتی ئایدیۆلۆژی بە بنەما دەگرێ، لە کاتێکدا کە باس لە گۆڕانکاری جیهان و خۆگونجاندن لەگەڵ ڕاستینە هەنووکەییەکان دەکات، بەپێچەوانەی بانگەشەکانی نەك هەوڵی خۆگونجاندن لەگەڵ پێوانەکانی مافی مرۆڤ، ئازادی بیرو ڕا، دیموکراسی و سەروەری یاسا نادا، بەڵکو هەوڵ ئەدا ئەو هەموو شتانە لەگەڵ جەوهەوری خۆی بگونجێنێ، بۆیەشە دەبینین گەلێك جار ئەو

گۆڕانکارییانەی کە باسیان لێوە دەکرێ نابنە جێگەی متمانەی خەڵك و ئایدیۆلۆژیا لە قەیران ڕزگار ناکەن، چونکە ئایدیۆلۆژیا کە بوو بە تەریقەت بەخۆی قەیرانە، تاوەکو لە نەشتەرگەریەکدا لێنەکرێتەوەو فڕێ نەدرێ ئەو شێرپەنجەیە چارەسەر ناکات.

ئەمڕۆ لە وڵاتانی پێشکەوتوخوازدا، بەپێچەوانەی کوردستان سیاسەت لەسەر بنەمای پڕۆژەی باوەڕپێکراو بەڕێوە دەچێ، وەك بەرزکردنەوەی ئاستی ئابووری، زیاترکردنی ماڤی تاکو گروپە بچوکەکان، ڕێزگرتن لە هەموو تاکو پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکان، ڕێگاگرتن لە پیسکردنی ژینگە، ئارامی و دادوەری کۆمەڵایەتی و....هتد. بەڕێوە دەچێ، ئەوە گرنگ نیە کە کەسێکی کاربەدەست لە دەرەوەی کارەکانیدا چۆن دەژی و گۆشتی کام ئاژەڵ دەخوات و چی دەخواتەوە یان  پەیوەندی بە کێوە هەیە، بەڵکو ئەوەیە ئەو سیاسەتمەدارە یان ئەو گروپە، تا چەند خاوەن پڕۆژەیەو چەندی جێ بەجێ کردووە تا چەند توانای جێبەجێکردنی پڕۆژەی زیاتری لە ئایندە هەیە.